قەرزێکی مەزن

من چۆن .. چۆن بتوانم..

قەرزی میهر و ئەوینی تۆ بدەمەوە ..؟

گەر هاتو رۆژێك..

ماسی توانی قەرزی دەریا بداتەوە ..؟!

گەر مەلیش توانی..

قەرزی ئاسمان و چەم و درەخت..؟!

گەر بیستووتە..

کانی قەرزی سەرچاوەکەی دابێتەوە..؟!

ئەگەر بیستت ..

تەنها ئەوسا

من دەتوانم قەرزی میهر و خۆشەویستیت.. بدەمەوە..

من بڵێم چی..؟

تۆ ئاسمانی بەرفراوانی ئەوینێکی..

منیش چۆلەکەی حەزی تۆم

تۆ وڵاتی گوڵزارێکی بێسنووری..

منیش.. تاقە یەك گوڵە هێرۆم

دەشێ هەموو عاشقەکانیش..

قەرزی زۆری شۆخەکانیان بدەنەوە..

من ..

ناتوانم..

بیدەمەوە..

هەروەك ناكرێ..

هەندرێن و پیرەمەگروون بگوێزمەوە

ئاوی دەریای هەموو گێتی..

بخۆمەوە..

ئەو قەرزەی تۆ گرانترە..

قەت ناتوانم بیدەمەوە..!

ئەیلول/1983

سلێمانی